حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٠٧) لە ٢٠٢١/٧/٢٨

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی لامەرکەزیی بەڕێوەبردن و بنەمای دابەزاندنی دەسەڵات و چڕنەکردنەوەی لە ناوەندە باڵاکانی بەڕێوەبردندا، و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بە گونجاوترین و ئاسانترین شێوە دوور لە ڕۆتین، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٢) لە ٢٠٢١/٧/٢٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایە (استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کە پێکدێت لە:

١. قەزای زاخۆ.
٢. قەزای باتیفا.

**دووەم:** هێنانەکایە (استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە پێکدێت لە:

١. قەزای سۆران.
٢. قەزای چۆمان.
٣. قەزای ڕواندز.
٤. قەزای مێرگەسوور.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران